# بۆکان و "هیأت نمایندگی خلق کرد"

(بەشی 1)

**پێشکەش بەیادی نەمران:**
**شێخ عیزەدینی حوسەینی، دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو، مامەغەنی بلووریان،**
**بیهڕوز سولەیمانی، دوکتۆر جەعفەری شەفیعی، مینەی شێرخانی و یۆسفی کەمانگەر**
**ئەندامانی کۆچکردووی هەیئەت**

لە هاوین و پایزی ساڵی 1358 و دوابەدوای شەڕی داسەپاوی دەسەڵاتدارانی تاران و قوم بەسەر گەلی کورددا، هەندێک لە ئەندامانی "دەوڵەتی موەققەت" ی موهەندیس بازرگان گەیشتبوونە ئەو ئاکامەی کە پرسی کورد لە ئێران لە ڕێگەی سوپاییەوە چارەسەر ناکرێت و بە سەڵاحیان زانیبوو وتووێژیک لەگەڵ نوێنەرانی کورد بەڕێوە ببرێت. کەمترین سوودی ئەم کارە ئەوە دەبوو کە لایەنی شەڕانخێوی حکوومەت دەرفەت و دەرەتانی بەخۆدا هاتنەوە و ئامادەکاریی بۆ شەڕەکانی دواتر بۆ دەڕەخسا.
ئەوەندەی ئێستا ڕوون بۆتەوە، خومەینی و مەلاکان و تەنانەت بەشێک لە ئەندامانی دەوڵەتی بازرگانیش لە کاری وتووێژ لەگەڵ کورددا جیددی نەبوون و باوەڕیان بە هیچ شتێک جگە لە لێدان و سەرکوت و کوشت وبڕ نەبوو.

بەگشتی، خومەینی خۆی و زۆربەی مەلاکانی ناودەسەڵات لەگەڵ بیرۆکەی وتووێژکردندا نەبوون و کاتێکیش کە "داریووشی فروهەر" هاتە ناوچەی سەردەشت و گوندی بنوخەڵەف و چاوی بە مامۆستا شێخ عیززەدین و مام جەلال تاڵەبانی و بەرپرسانی چەند حزب و ڕێکخراوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات کەوت، خومەینی بەکارەکەیان ڕازی نەبوو و بەگوێرەی وتارێک کە ئێستا لەسەر یووتیووب دانراوە، پێی گوتبوون ئەگەر وتووێژیشیان لەگەڵ دەکەن لەپێشدا بە هێزی سوپایی دەوریان بگرن و گوشاریان بخەنەسەر، جا قسەیان لەگەڵدا بکەن.

هەرچۆنێک بێت، هێڵی فیکریی ناو دەوڵەتی موەققەت لەمەڕ وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد، بۆ ماوەیەک سەرکەوت و دوای هاتنی فروهەر بۆ کوردستان و گەڕانەوەی بۆ تاران، تاقمێک لە نوێنەرانی دەوڵەت کە خۆیان بە "هەیئەتی چارەسەری کێشەی کورد" ناساندبوو و ئەوەندەی لەبیرم بێت لەو سەردەمەدا بەناوی "هیئت حسن نیت دولت" ناویان لێدەبرا، بۆ ووتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کورد دیاری کران. ئەندامانی ئەو تاقمە بریتی بوون لە داریووشی فروهەر کە ئەودەم وەزیری ڕاوێژکاری دەوڵەت بوو، دوکتۆر سەحابی و موهەندیس سەبباغیان دوو وەزیری دیکەی کابینەی بازرگان، هاوڕێ لەگەڵ مەلایەک و چەند فەرماندەی سوپایی تاران و ئازەربایجان، کە مەلاکەش ئایەتوڵلا ئیشراقی زاوای خومەینی و نوێنەر و دەمڕاستی ئەو بوو.

هەیئەتەکە داوای دەکرد چەندکەسێکیش وەک نوێنەرانی کورد دەست نیشان بکرێن بۆ ئەوەی هەردوولایەن پێکەوە دابنیشن و باسی کێشەکان بکەن. ئەوەی ڕوانگەی سەقەت و ناتەواوی دەوڵەت و مەلاکان بوو بریتی بوو لەوەی هەندێک مەلا و ڕیش سپی شارەکانی کوردستان سەعاتێک دووسەعات لەگەڵیاندا دابنیشن و بە شێوەی ڕیش چەرمگی بارودۆخە کرژەکە خاوبکەنەوە وتەنانەت بەرگری لەکاری چەکدارانەی حزبە سیاسییەکانیش بکەن. ئینجا لایەنی حکوومەتیش هەندێک بەڵێن وەک کشاندنەوەی هێزی سوپایی دەولەت و چاکسازیی ئابووری بدەن و لە ماوەی دانیشتنێک و دواندا بەخەیاڵی خۆیان کێشەی نێوان کورد و دەوڵەت چارەسەر بکەن ئیتر مافی سیاسی بۆ گەلی کورد و خودموختاریی و شتی لەوچەشنە هەر لە بەرنامەیاندا نەبوو و ئامادەی قسەلەسەرکردنیشی نەبوون.

بەهۆی ئەو ڕوانگە هەڵەیەوە، دەوڵەت بەوەش ڕازی نەبوو کە ڕێکخراوە سیاسییەکان نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن و داواکارییەکانی کورد ڕەنگی سیاسی و نەتەوایەتییان پێ بدرێت، هەربۆیەش ئامادە نەدەبوون لەگەڵ نوێنەرانی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دابنیشن. داواکاریی ئەوان ئەوە بوو هیچکەسێک بە ناوی هیچ ڕێکخراوەیەکەوە بەشداری ووتووێژەکان نەبێت و لایەنی بەرابەریان تەنیا "نوێنەرانی کورد" بن بە بێ پەیوەندی ڕێکخراوەیی- ئەوە گرفتی سەرەکی مەسەلەی ووتووێژی دەوڵەت و کورد لەو بڕگە تایبەتەدا بوو

لایەنی کورد لەو کاتانە و لەو بارودۆخەی کوردستاندا ئەوەی پێ وەرنەدەگیرا و لە ڕاستیشدا پێشنیارەکە لەوپەڕی نەگونجاویدا بوو کە حزبی دیموکڕات و کۆمەڵە و فیدایی خۆیان لەکارەکە بکێشنە دواوە و چارەنووس بخەنە دەستی چەند مەلا و دووکانداری ناسیاسییەوە. تەنانەت کاتێک کە ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکان وتووێژی دەست پێکرد، نەیتوانی بەسەریاندا بسەپێنێت "فەتح" خۆی لە کارەکە بدزێتەوە و چەند کەسی نابەرپرس ڕێبەرایەتی ووتووێژەکان بکەن، دانیشتنە نافەرمییەکانی ئوسلۆش لەلایەن کەسانێکەوە دەکرا کە لەپەیوەندی نزیکی فەتح دا بوون، هەرئەوەندە بوو، کە وەک عەرەفات و ڕێبەرانی فەتح ناسراو نەبوون.

کە دەڵێم ئەو کارە گونجاو نەبوو، دیارە لەو بارودۆخەدا نەدەکرا، دەنا ئەگەر بەرەیەکی یەکگرتوی کورد هەبوایە وجیاوازیی خەت و بۆچوون لەنێوان ڕێکخراوەکاندا کەمتر بوایەت، واهەبوو چەند کەسی خۆشناوی وەک مامۆستا شێخ عیزەددین ومامۆستا مەلاکەریمی شاریکەندی و خەڵکانی سیاسی بخرایەنەتە پێشەوە و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پشت پەردەوە ڕێبەرایەتی کارەکانیان بکردایەن.

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی ئێمە درەنگتر لە خومەینی و خەڵخاڵی و ڕەفسەنجانی و ئەوانی دیکەمان بینی، ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنانەت ئەگەر ئەو مەرجەش جێ بەجێ بکرایە و دەوڵەتی بازرگانیش بۆ کارەکە ڕازی بکرایەت، باڵی شەڕخوازی خومەینی و چەمران وزەهیر نەژاد و پاسدار و کومیتەچی هەر ڕازی نەدەبوون و بەشێوەیەک لەشێوەکان شەڕیان بەسەر کورددا دەسەپاند وکوشتاری نەغەدە و قارنێ و قەلاتان و کەلبی ڕەزاخانیان هەر بەڕێوە دەبرد؛ نموونەکەشی ڕێزدار موفتی زادە بوو کە زۆریش بەدڵ وداو لەگەڵ مەلاکاندا هاوکاریی دەکرد وڕووبەڕووی هێزە سیاسییە کوردەکان دەوێستا، بەڵام نەک هەر حیسابێکیان بۆ نەکرد و گرێیەکی پرسی کوردیان بە دەستی ئەو نەکردەوە بەڵکوو بە پێچەوانە لە زینداندا ڕزاندیان و لە ژێر ئەشکەنجەی بەردەوام دا گەیاندیانە حاڵی مەرگ. نموونەیەکی تر ئەو ڕاستییە زەقەیە کە ئێستا، کە ڕێکخراوە چەکدارەکانی کورد زیاتر لە بیست ساڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوونەتە دەرەوە و خەباتی چەکدارییان بەکردەوە وەلا ناوە، بەڵام زنجیرەی ئیعدامی

ڕۆڵەکانی کورد ناپسێتەوە و هەر ئەمڕۆ، کە ئەم ووتارە دەنووسم، شەهید 'فەرهاد تارم' لایەنگری حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران لە زیندانی ورمێ ئێعدام کراوە. یادی بەخێر بێت. ئیتر حوسەینی خزری و فەرزادی کەمانگەر و شیرینی عەلەم هولی وشوانەی قادری و سەدان لاوی خوێنگەرمی تریشمان لەبیر ناچێتەوە کە هەر لەم چەند مانگەی دواییدا کەوتنە بەر "عطوفت اسلامی" مەلاکانی حاکم.

درێژەی هەیە